کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
7-10-2007 23:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**سەرۆک پۆلیسی شاری سان هۆزێ: ... 2004/10/13 واشنتۆن پۆست. ... حسێن پێنجوێنی**

ڕۆژنامەی سان هۆزێ مارکۆی ئەمریکایی لەژمارەی 12 /2004/10دا بڵاوی کردەوە کە سەرۆکی پۆلیسی شاری سان هۆزێ کە بەیەکێ لەشارە گەورەکانی ئەمریکا دائەنرێ بڕیاری دا لەتەك موسوڵمانانندا ئەم مانگی ڕەمەزانە بەتەواوی بەڕۆژوو بێت و بەکردەوە پراکتیزەی ئیسلام بکات..

ڕۆژنامەکە ئەڵێ: ئەم ئەفسەرە ناودارەی پۆلیس ناوی: (ڕۆب دافیز) ە و ئاینی خۆی مەسیحییە، و لەتایفەی (مۆرمان) ە، بڕیاردانی بۆ ڕۆژووگرتنی مانگی ڕەمەزان بۆ مەبەستێکی سیاسی نییە، و بۆئەوەیە لەئیسلام و کۆمەڵگای ئیسلامی تێبگات کە لە شارەکەیدا زۆر بەخێرایی گەشە دەکات، و دافیز بڕیاری داوە لەم ڕەمەزانەدا هەر ئێوارەی لەماڵێکی موسوڵماندا بەربانگ بکاتەوە..

لەوتارێکیدا لەڕۆژنامەی واشنتۆن تایمزلەواشنتۆن لە04/10/15 لەبارەی دان نان بە ڕەمەزانی موسوڵمانانندا بڵاوی کردەوە کە: دان نانی قوتابخانەکانی پێتەختی ئەمریکا و شارەکانی دەوروبەری بە جەژن وبۆنە ئیسلامییەکاندا ڕێ بەقوتابییە موسوڵمانەکان دەدات کە لەو بۆنانەدا نەیەنەوە بۆ قوتابخانەو بە غیاب بۆیان نەنووسرێ.. بەشی زۆری قوتابخانەکانی ناوچەی واشنتۆنی گەورە ڕێ بەقوتابییەکانی دەدات کە لە بۆنەی لەیلەتول قەدر و جەژنی ڕەمەزانی پیرۆز دا نەیەنەوە بۆ قوتابخانەکانیان، وبەغایب نەنووسرێن.. و قوتابخانەکانی هەرێمی {برینس کاونتی} مانگی ڕەمەزانیان خستۆتە لیستی ئەو جەژنە ئاینییە ڕەسمییانەوە کەبۆ فەڵەو جووەکان هەیە..

ڕۆژنامەکە هێمای بۆ ئەوەکردووە: وەنەبێ دان نان بەڕەمەزان و جەژنە ڕەسمییەکانی موسڵمانان لە واشنتۆندا بەس بێ بۆ موسوڵمانان، بەڵکو ئەیانەوێ، وەك جەژنی فەڵەو جووەکان بۆنەیەکی ڕەسمی بێ بۆ هەموان، هەروەك بۆ هەندێ لە جەژنی فەڵەو جووەکان هەیە.

لەویلایەتی نیۆیۆرکدا بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە ڕێی بەقوتابیانی قوتابخانەی برۆکلین دا لە ڕۆژانی هەینی و لە مانگی ڕەمەزاندا قوتابییە موسوڵمانەکان تا دووسەعات پۆل بەجێ بێڵن، و بڕۆن بۆ نوێژی جومعە. ئەمەش پاش ئەو هەڵمەتی ئیمزا کۆکردنەوەیە بوو لەلایەن قوتابیانەوە بۆ ئەوەی ڕێیان پێ بدرێ، چونکە لەوەپێش ڕێیان پێ نەدەدرا پۆل بەجێ بێڵن و بڕۆن بۆ نوێژی جومعە..

2004/10/13 واشنتۆن پۆست.

ڕۆژنامەکانی ئەمریکا لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا

(کیر-واشنطن: 19 ڕکتوبر 2004)

www. penjweny. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.